# لێکۆڵینەوە وڕوونکردنەوەی زۆرێک لەبابەتەکانی حەج وعومرە وزیارەت

## بەشی : ئەوەی حاجی ئەنجامی ئەدات لەکاتی گەیشتنی بە میقات

# التحقيق والإيضاح لكثير من مسائل الحج والعمرة والزيارة

## فصل : فيما يفعله الحاج عند وصوله إلى الميقات

< Kurdish - كردي - كوردی >

سەماحەتی شێخ عبد العزیز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رحمه الله )

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ئەوەی حاجی ئەنجامی ئەدات لەکاتی گەیشتنی بە میقات

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدولاّ و ئال وبەیت و یار وياوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

کاتێك حاجی گەیشتە میقات سوننەت وایە خۆی بشوات وبۆنی خۆشیش لەخۆی بدات، وەك ڕیوایەتکراوە، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك ئیحرامی دەبەست خۆی لەهەموو کەلوپەلێکی دوراو دادەڕنی و خۆی دەشۆرد، هەروەها لە صحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە، عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ رازی بێت ) ودەڵێت : { كنت أطيب رسول الله – صلى الله عليه وسلم – لإحرامه قبل أن يحرم، ولحله قبل أن يطوف بالبيت }[(1)] .

واتا : پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ئیحرام بکات بۆنی خۆشم لێ دەدا، وە کاتێکیش لە ( حل ) دا بوایە، واتا : کاتێکیش لە ئیحرامدا نەبوبێت و وویستبێتی تەوافی بەیت بکات بۆنی خۆشم لێ دەدا .

## بابەتێک : ئەو ئافرەتەی کە لە سوڕی مانگانەدایە کاتێک گەیشتە میقات چی دەکات ؟

هەروەها ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی کرد بە عائیشە کاتێك کەوتە سوڕی مانگانەوە و ئیحرامی بە عومرە بەست، کە خۆی بشوات و ئیحرام بە حەج ببەستێت، وە هەروەها فەرمانی کرد بە ئەسمای کچی عومەیس کاتێك لە ذي الحليفة منالّی بوو، کە خۆی بشوات و بە پارچەیەك قوماش چاك خۆی ببەستێت وپاشان نیەتی ئیحرام بهێنێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت کاتێك گەیشتە میقات

---

(1) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە ( كتاب الحج ، باب الطيب عند الإحرام ) بە فەرموودەی ژمارە (1539)، وە موسلیم لە (كتاب الحج، باب الطيب للمحرم) بە فەرموودەی ژمارە (1189) ڕیوایەتیان کردووە .

وکەوتە سوڕی مانگانەوە یان لەسوڕی مانگانەدا بوو، یان لە خوینی زەیسانی منداڵ بووندا بوو، خۆی دەشوات وپاشان لەگەڵ خەڵیکدا نیەتی ئیحرام دەهێنێت وئیحرام دەبەستێت بۆ ئەو نوسوکەی کە خۆی مەبەستیەتی، وە هەموو ئەو ڕوکن وواجبانە ئەنجام دەدات کە حاجیان ئەنجامی دەدات جگە لە تەواف نەبێت، هەروەك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی کرد بە عائیشە وئەسماء، کە هەموو شتێك ئەنجام بدەن جگە تەواف کردن نەبێت .

### بابەتێک : چەند کارێک پێویستە حاجی ئەنجامی بدات :

سوونەتە بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت نیەتی ئیحرام بهێنێت و ئیحرام ببەستێت سمێڵی کورت بکاتەوە و نینۆکەکانی بکات، و مووی بەر و بنباڵی لاببات، بەشێوەیەك کە پێویستە، بۆ ئەوەی جارێکی تر لەکاتی ئیحرامدا پێویست بەوە نەکات مووی ئەو جێگایانەی لاببات، چونکە موو لابردنی ئەو جێگایانە لەکاتی ئیحرامدا حەرامە ویاساغە، وە لەبەر ئەوەش کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هانی موسڵمانانی داوە لە غەیری کاتی ئیحرامیشدا کە ئەو کارانە ئەنجام بدەن، هەروەك لە هەردوو صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە، ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی :

{ الفطرة خمس: الختان، والاستحداد، وقص الشارب، وقلم الأظفار، ونتف الآباط } [1] .

واتا : سوننەتەکانی فیترەت پێنجن، خەتەنە کردن، ومووی بەر تاشین، وسمیڵ کورت کردنەوە، ونینۆك کردن، ومووی بنباڵ هەڵکێشان .

(1) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە (کتاب اللباس ، باب قلم الأظفار) بە فەرموودەی ژمارە (5891)، وە موسلیم لە (کتاب الطهارة، باب خصال الفطرة) بە فەرموودەی ژمارە (257) ڕیوایەتیان کردووە .

لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لـێ ڕازی بێت ) دەڵێت :

{ وقِّت لنا في قص الشارب، وقلم الأظافر، ونتف الإبط، وحلق العانة: أن لا نترك ذلك أكثر من أربعين ليلة } (1)

واتا : کاتمان بۆ دیاری کرا بۆ کورتکردنەوەی موی سمێڵ، ونینۆك کردن، وهەڵکێشانی مووی بنباڵ, وتاشینی مووی بەر، کە زیاتر لە چل ڕۆژ وازی لـێ نەهێنین، وپشتگوێی بخەین .

نەسائیش بەم دەستەواژەیە ڕیوایەتی کردووە:{ وقّت لنا رسول الله – صلى الله عليه وسلم }(2).

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کاتی بۆ دیاری کردین .

ئیمـامی ئەحمەد و ئەبو داود وتیرموذی بە دەستەواژەکەی نەسائی ڕیوایەتیان کردووە .

بەڵام سەبارەت بە مووی قژ، دروست نیە نە بۆ پیاوان و نە بۆ ئافرەتانیش لەکاتی ئیحرامدا هیچ شتێك لە مووی قژیان لـێ بکەنەوە .

## بابەتێک : ئاگادار کردنەوە لە تاشینی ڕیش :

سەبارەت بە مووی ڕیش لەهەموو کاتێکدا حەرامە بتاشرێت یان لێی بگیرێت، بەڵکو واجبە بەربدرێتەوە و وازی لـێ بهێنرێت، بە بەڵگەی ئەوەی لە هەردوو صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە، عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوا لەخۆی وباوکی ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { خالفوا المشركين، وفروا اللحى وأحفوا الشوارب } (3) .

(1) موسلیم لە (کتاب الطهارة، باب خصال الفطرة) بە فەرموودەی ژمارە (258) ڕیوایەتی کردووە .

(2) نەسائی لە ( کتاب الطهارة، باب التوقيت فی قص الشارب) بەفەرموودەی ژمارە (4) ڕیوایەتی کردووە، وە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا ڕیوایەتی کردووە (122/3)، وە أبو داود لە (کتبا الترجل، باب في أخذ الشارب) بەفەرموودەی ژمارە (422)، وە تیرموذی لە ( کتاب في الأدب، باب في التوقيت في تقليم الأظفار وأخذ الشارب) بە فەرموودەی ژمارە (2759) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە ( کتاب اللباس ، باب قلم الأظفار) بە فەرموودەی ژمارە (5892)، وە موسلیم لە (کتاب الطهارة، باب خصال الفطرة) بە فەرموودەی ژمارە (259) ڕیوایەتیان کردووە .

واتا : موخالەفەی ئەو کەسانە بکەن هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن، ڕیشتان بهێڵنەوە وسمێڵتان کوورت بکەنەوە .

ئیمامی موسلیمش لە صەحیحەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردووە، کە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی:

{جزوا الشوارب وأرخوا اللحى، خالفوا المجوس } [1] .

واتا : سمێڵتان کوورت بکەنەوە، وڕیشتان بەربدەنەوە، ئێوە موخالەفەی ئاگر پەرستەکان بکەن .

کارەساتە گەورەکەش لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە زۆربەی زۆری خەڵکی موخالیفی ئەم سوننەتەن و دژایەتی ڕیش ئەکەن، ورازین کە خۆیان بچوێنن بە بێباوەڕان، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە زانستخواز وزانستدۆستی شەرعی دەزانن، ( إنا لله وإنا إليه راجعون ) لەخوای گەورە داواکارین هیدایەتی ئێمە و تەواوی موسڵمانان بدات کە لەسەر سوننەتی محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) بین و پابەند بین پێوەی، بانگەواز ودەعوەی خەڵکیشی بۆ بکەین، ئەگەر چی زۆربەی خەڵکی شوێنی ناکەون، ( حسبنا الله ونعم الوكيل، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ) .

## بابەتێک : ئەوەی دروستە کەسی ناو ئیحرام بیپۆشێت :

پاشان پیاوان کە هەموو جلوبەرگی ئاسایی خۆیان داکەند دوو پارچە قوماش( إزار ورداء ) دامان وپشتە ماڵ لەخۆیان دەئاڵێنن، سوننەت وایە ڕەنگی سپی وخاوێن بن، وە سوننەتیشە کە نەعلیش لەپێ بکات لەبری پێڵاو، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { وليحرم أحدكم في إزارٍ ورداءٍ ونعلين } [2] .

---

(1) موسلیم لە (كتاب الطهارة، باب خصال الفطرة) بە فەرموودەی ژمارە (260) ڕیوایەتی کردووە .

(2) ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا ڕیوایەتی کردووە (34/2) لە موسنەدی ( المكثرين من الصحابة) موسنەدی عەبدوڵای کوڕی عومەر بە ژمارە (4881).

واتا : با هەرکەسێك لە ئێوە نیەتی ئیحرام بە ( إزار ورداء ) وە بهێنێت و نەعل لەپێ بکات.

## بابەتێک : جلوبەرگ وپۆشاکی ئافرەت لەکاتی ئیحرامدا :

سەبارەت بە ئافرەتانیش دەبێت بە جلوبەرگی ئاسایی خۆیانەوە نیەتی ئیحرام بهێنن، جا جلەکانیان ڕەنگیان هەر چۆن بێت، ڕەش بێت یان سەوز یان هەر ڕەنگێکی تر، تەنها هێندە هەیە جلوبەرگیان نەشوبهێت بە جلوبەرگی پیاوان، دەبێت ئەوە بزانن ئافرەتان لەکاتێك کە لە ئیحرامدان نابێت پەچە و دەستەوانە بپۆشن، بەڵام دەتوانن ڕوومەت ودەستیان داپۆشن بە غەیری پەچە و دەستەوانە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو پیاوانی نامەحەرەم بەدیار بوون، پێغەمبەریش( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە لە پۆشینی پەچە و دەستەوانە .

بەڵام سەبارەت بەوەی هەندێك کەسی عەوام ڕەنگی سەوز یان ڕەشیان تایبەت کردووە بۆ جلوبەرگی ئافرەتان لەکاتێك کە ئیحرام دەبەستن ونیەت دەهێنن، هیچ بنەمایەکی شەرعی نیە، هیچ بەڵگەیەکی صەحیحی لەسەر نیە .

## بابەتێک : چۆنیەتی چوونە ناو نوسک ودەست پێکردنی حەج وعومرە :

پاشان دوای ئەوەی کە لەخۆشتن وخۆ پاك کردنەوە بوویەوە، وئیحرامەکانی پۆشی، بەدڵ نیەت دەهێنێت بۆ ئەو نوسوکەی کە خۆی مەبەستیەتی، بەحەج دەیەوێت یان بە عومرە یان بەهەردووکیان، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی **{ إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امرئ ما نوى }** [1] .

واتا : هەموو کاروکردەوەیەك بە پێی نیەتە، وە هەموو کەسێکیش پاداشت دەردێتەوە لەسەر ئەو نیەتەی کە بوویەتی .

(1) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە ( كتاب بدء الوحي ، باب بدء الوحي ) بە فەرموودەی ژمارە (1)، وە موسلیم لە (كتاب الإمارة، باب إنما الأعمال بالنيات ) بە فەرموودەی ژمارە (1907) لە عومەری کوڕی خەتابەوە ڕیوایەتیان کردووە .

وە شتێکی ڕێگا پێدراو مەشروعیشە کە بە زمان ئەو نیەتە بڵێت، جا ئەگەر نیەتی بەجێهێنانی عومرەی هەبوو، ئەوە با بڵێت (لبيك عمرة ) يان (لبيك اللهم عمرة ) يان اللهم لبيك عمرة ) وە ئەگەر نیەتیشی بەجێهێنانی حەج بوو ئەوە با بڵێت (لبيك حجا ) يان ( لبيك اللهم حجا ) يان ( اللهم لبيك حجا ) چونکە چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وایکردووە، خۆ ئەگەر نیەتی بەجێهێنانی حەج وعومرەیشی هەبوو ئەوا دەڵێت ( اللهم لبيك عمرة وحجا )، وە باشترە ووتنی ئەم نیەتە بە زمان پاش ئەوە بێت کە سواری ووڵاخەکەی یان ئۆتۆمبیلەکەی یان هەر شتێکی تر دەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پاش ئەوەی سواری ووڵاخەکەی بوو نیەتی هێناوە، وە ووڵاخەکەی لە میقاتەوە بە پەلە دەڕۆیشت، ئەمەش پەسەندترین ڕای زانایانە .

وە دروست نیە تەلەفوز بە نیەت بکرێت لەغەیری نیەت هێنانی ئیحرام، چونکە ئەمەش لە پێغەمبەری خواوە ( صلى الله عليه وسلم ) وارد بووە .

## بابەتێک : تەلەفوز بە نیەت لە تەواوی عیبادەت وپەرستنەکانی تری غەیری حەج وعومرە :

سەبارەت بە نوێژ وطەواف وغەیری ئەوانیش پێویستە تەلەفوز بە نیەت نەکات، نەڵێت : نیەتم هەیە نوێژی ئەوە و ئەوە دەکەم، یان نیەتم هەیە کە طەواف دەکەم، چونکە تەلەفوز کردن بەم شێوە لەو شتانەیە کە داهێنراون لەدیندا، بۆیە بە ئاشکرا ووتنی نیەت لەغەیری ئیحرامدا کارێکی نەشیاو نادروستە، چونکە ئەگەر بهاتایە تەلەفوز کردن بە نیەت دروست بوایە، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە کردار و بە گوفتاری بۆ ئومەتەکەی ڕوون دەکردەوە، وە پێشینی چاکی ئومەتیش پێش ئیمە دەکەوتن لەوەها کارێکدا .

جا کاتێك لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵانی بەڕێزیەوە (خوایان لێ ڕازی بێت ) شتێکی لەو شێوەیە بۆ ئێمە نەگوازراوەتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە

بیدعە وداهێنراوە لەدیندا، ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { وشر الأمور محدثاتها، وكل بدعة ضلالة } [1] .

واتا : خراپترین کارێکیش لەم دینەدا داهێنراوەکانیەتی، وە هەموو داهێنراوێکیش لە دیندا گومڕایی وسەر لێشێواویە .

هەروەها فەرموویەتی : { من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد } [2] .

واتا : هەر کەسێك لەم ئاینەی ئێمە کارێك دابهێنێت و تێیدا نەبێت، ئەوە لێی وەرناگیرێت و دەردرێتەوە بەسەریدا .

ئیمامی موسلیمش بەم دەستەواژە فەرموودەکەی هێناوە : { من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد } [3] .

واتا : هەرکەسێك کارێك بکات و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت، ئەوە لێی وەرناگیرێت و دەدرێتەوە بەسەریدا ..

[لە کۆتاییەوە لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە حەجی حاجیانی هەموو جیهان گیرا بکات بە تایبەتی حاجیانی کوردستان، وە حەجەکەیان بگێرێت بە حەجێکی مەبرور، کە پاداشتەکەی لای خوای گەورە ومیهرەبان تەنها بەهەشتی نەبڕاوە و هەتا هەتاییە. خوایە ئەم نزا وپاڕانەوەمان لێ گیرا بکەیت، اللهم امين يارب العالمين] وەرگێر .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

---

(1) موسلیم لە (كتاب الجمعة، باب التخفيف في الصلاة) بە فەرموودەی ژمارە (867) ڕیوایەتی کردووە، وە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەددا ڕیوایەتی کردووە (310/3) لە موسنەدی جابری کوڕی عەبدوڵادا .

(2) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە ( كتاب الصلح ، باب إذا اصطلحوا على صلح جور) بە فەرموودەی ژمارە (2697)، وە موسلیم لە (كتاب الإقضية، باب نقض الأحكام الباطلة ورد محدثات الأمور) بە فەرموودەی ژمارە (1718) لە عائیشەوە ڕیوایەتیان کردووە .

(3) بوخاری بە موعەلەقی ڕیوایەتی کردووە، لە (كتاب البيوع ، باب النجش ومن قال لا يجوز ذلك البيع) بە فەرموودەی ژمارە (2697)، وە موسلیم لە (كتاب الإقضية، باب نقض الأحكام الباطلة ورد محدثات الأمور) بە فەرموودەی ژمارە (1718) لە عائیشەوە ڕیوایەتیان کردووە .